# باسی هەرکەسێک کارێکی چاک یان خراپ ئەنجام بدات

[ kurdish – کوردی – كردي ]

پشتیوان صابر عزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# باب فيمن سن سنة حسنة أَوْ سيئة

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# باسی هەرکەسێک کارێکی چاک یان خراپ ئەنجام بدات

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾ [الفرقان: ٧٤].

واتا: وە کەسانێکن کە دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ببەخشە پێمان لە هاوسەران و نەوەکانمان (منداڵەکانمان) ئەوەی چاوانی پێ گەش بێ هۆی دڵخۆشی بێت وە بمانکە بە پێشەوای پارێزکاران و لە خوا ترسان .(تەفسیری پوختەی قورئان).

عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَ نَاسٌ مِنَ الْأَعْرَابِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَلَيْهِمُ الصُّوفُ، فَرَأَى سُوءَ حَالِهِمْ قَدْ أَصَابَتْهُمْ حَاجَةٌ، فَحَثَّ النَّاسَ عَلَى الصَّدَقَةِ، فَأَبْطَئُوا عَنْهُ حَتَّى رُئِيَ ذَلِكَ فِي وَجْهِهِ، قَالَ: ثُمَّ إِنَّ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ جَاءَ بِصُرَّةٍ مِنْ وَرِقٍ، ثُمَّ جَاءَ آخَرُ، ثُمَّ تَتَابَعُوا حَتَّى عُرِفَ السُّرُورُ فِي وَجْهِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً، فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ، كُتِبَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ. وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً، فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ، كُتِبَ عَلَيْهِ مِثْلُ وِزْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ)) [رواه مسلم].

واتا: (جریر) کوڕی (عبدالله) (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: چەند کەسێك لە عەرەبە بیابان نشینەکان هاتنە خزمەت پێغەمبەر

(صلی الله علیه وسلم) كه جلی خورییان لەبەردابوو، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بینی كه حاڵیان باش نییه و هەژار كەوتوون، هانی خەڵكیدا لەسەر خێر كردن، خەڵكەكه سستییان كردو، زوو كارەكەیان ئەنجام نەدا هەتا لە ڕوخساری پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) بێزاری دەبینرا، پاشان پیاوێكی ئەنصاری تورەكەیەكی هێنا كه زیوی تیابوو، پاشان پیاوێكی تر هات پاشان بەدوای یەكدا هاتن هەتا خۆشحاڵی لەناوچاوانیدا دەبینرا و فەرمووی: (هەر كەسێك لە ئیسلامدا كار بە سونەتێك بكات ولە دوای خۆی پەیڕەوی بكرێت، ئەوا پاداشتی ئەوانەی دەست دەكەوێت كه پەیڕەوی دەكەن، بێئەوەی پاداشتی ئەوان كەم ببێتەوە، هەركەسێكیش كارێكی خراپ دابهێنێت كەوا بە پێچەوانەی شەرع بێت وپاش خۆی پەیڕەوی بكرێت ئەوا تاوانی هەموو ئەوانەی لەسەرە كه پەیڕەوی دەكەن بێئەوەی لە گوناهی ئەوان كەم بكاتەوە).

**ڕاڤە وڕوونكردنەوە:**

١- گەورەیی پاداشت لەم فەرموودەیەدا هەڵقوڵاوە لە خۆشەویستی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەنجامدانی كاری باش وچاك وبڵاوكردنەوەی لە ناو خەڵكیدا، وە ڕق بوونەوە لە كاری خراپ و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ونەهێشتنی.

٢- هاندان بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە، بۆیە هەر کەسێك سونەتێك زیندوو بکاتەوە یان دەست بە کارێکی چاك بکات کەوا پێشتر کەس نەیکردبێ وخەڵکی چاوی لێ بکەن، ئەوە بە قەد هەموو ئەوانەی کاری پێدەکەن پاداشتی دەگات، ئەی دەبێت چەندە خێرت بگات کاتێك داهێنانێکت هەبێت کەوا بە پێی شەرع بێت بە ملیۆنەها خەڵك سودی لێ ببینێت.

٣-ئاگادار کردنەوە لە ڕێگەی گومڕایی وئەنجامدانی کاری خراپ، بۆیە هەر کەسێك لە ئیسلامدا کارێکی خراپ یان (بیدعە)یەك دابهێنێت، ئەوە جگە لە تاوانی خۆی، تاوانی ئەو کەسانەیش کە لە دوای ئەم جێبەجێیان کردووە هەڵئەگرێت، بە بێ ئەوەی هیچ تاوانێك لەودا کەم ببێتەوە.

داواکارم لە خوای گەورە ڕێنموییمان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە ودوورمان بخاتەوە لە کاری خراپە.